وەزارەتی نەوت گرەبەستێکی نوێی نێ دەرهێنانی نەوت واژێکرد

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی نەوت واژێکردنی گرەبەستی وەبەرهێنانی لە کێڵگەی غازی (نەهر بن عومەر) ڕاگەیاند. لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی نەوتدا هاتووە:- گرەبەستێکە بە وەبەرهێنان و دەرهێنانی غازە لە کێڵگەی (نەهر بن عومەر) لە نێوان کەمپانیای غازی باشوور و کەمپانیای غازی حەلفا، بە پاڵپشتی "حەیان عەبدولغەنی"جێگری سەرۆکوەزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت. بەپێی بەیاننامەکە لە میانی مەراسیمی واژێکردنی گرەبەستێکدا"عەبدولغەنی" جێختی لە گرنگی گرەبەستێکە بە وەبەرهێنان و پەرەپێدان و دەرهێنانی غاز لە کێڵگەی (نەهر بن عومەر) بە توانای (150)مەتر سێجا (یەک ملیۆن پێ سێجا ستاندارد لە ڕۆژێکدا) هەیە ، لەگەڵ ئەگەری لە زیادکردنی (150) مەتر سێجای تر بە قەناغی دووەم بەپێی پێداویستییەکان و بەردەستبوونی بڕی پێویست. ووتیشی :- ئەم پرۆژەیە پایەکی گرینگە لە پاڵپشتیکردنی ئابووریی نیشتمانی لەڕێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان،و دەرهێنانی غازی پێویست ، و کەمکردنەوەی هاوردەکردنی دەرەکی، جگە لە کردنەوەی دەروازەیەک بە هێناردەکردنی غازی شل لە بەندەری ئوم قەسر،جگە لە وەستاندنی دەردانی غازی زیانبەخش و پاراستنی ژینگە. ڕوونیشیکردەوە :- یەکێک لە گرینگیەکانی دیکەی ئەم گرەبەستە، (5000) هێلی کار دەڕەخسێنێت، و ڕێگری دەکات لە دەردانی زیاتر لە (8) ملیۆن تۆن پیسکەر بە ناو بەرگەهەوا.